# ئەمڕۆ ئەندامانی کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی کەلار پاش دووهەفتە زیندانیکردن ئازادکران!

ئەمڕۆ کاتژمێر 2ی دوای نیوەڕۆ ئەندامانی کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی کەلار کە پێکهاتبون لە " بەرزان فەرەج، ئاریان ئەحمەد، عیماد صلاح، ئازاد ئەحمەد، ئایاد ئەحمەد، ئایاد خەسرەو، ئەسوەد ئیبراهیم، ڕێباز عەلی" ئازادکران و بەم پێیە بۆماوەی 2 هەفتە لە زینداندا بوون بەهۆی ڕەئی موخالیف و پراکتیزەکردنی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیەوە.
ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی ڕاستەوخۆ دەستکەوتی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان بوو کە بەهۆی خواستی دابینکردنی ئاوو کارەباو سوتەمەنیەوە بۆماوەی 10 ڕۆژ بەبەردەوامی لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان لە ناڕەزایەتی دەبڕین و خۆپیشاندان دا بوون.
ئێمە لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وێرای پیرۆزبایی خۆمان لە زیندانیە ئازادکراوەکان و خێزانەکانیان، خەڵکی کوردستان و سەرجەم هەڵسوڕاوانی سیاسی پێشکەوتنخوازو ئازادیخواز دڵنیا دەکەینەوە، کە حزبەکەیان هەمیشە لە خەباتێکی پەیگیردایە لەپیناو گەیشتن بە گشت بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/8/21